# کەسێك کە باوەڕی بە هێزی جەماوەر نەبێت
# چۆن دەتوانێ خەباتی جەماوەری وەڕێخات؟

"وەڵامێکی کورت بە وتووێژێکی تەیموور مستەفایی لە گەڵ کوردستان"

یوسف عەلی پور
1386/5/24

لە ژمارە 464ی "کوردستان" ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا وتووێژێك لە گەڵ بەڕێز تەیموری مستەفایی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی ئەو حیزبە چاپکراوە سەبارەت بەو حەرەکەتانەی کە لە دوو هاوینی رابردوودا لە شارەکانی کوردستانی ئێران رویان داوە.

ئەوەی راستی بێت شتێك کە لەم وتووێژەدا سەرنجی منی بەرەولای خۆی راکێشا وەڵامی بەڕێزی بەم پرسیارەیە " لە هاوینی 84دا دەیان کەس شەهید بوون، لەوانەیە لە نێو ئەو شەهیدانەدا ئەندامی حیزبی دێموکراتیش هەبووبێ، بفەرمون بۆ حیزبی دێموکرات راینەگەیاندوە و ئایا کەی رایدەگەیەنێ؟"کوردستان لاپەرە 2.

تەیموری مستەفایی لە بەشێك لە وەڵام بەم پرسیارەدا کە بە فۆنتێکی گەورەش چاپکراوە دەڵێ: " حەرەکەتێك لە 16ی گەلاوێژی 1384دا رویدا کە بوو بە حەرەکەتێکی جەماوەری کە هێندێ لایەن خۆیان لێکرد بە ساحێبی و وتیان ئێمە بانگەوازمان داوە لە کاتێکدا بەڕێوەبەر و سازماندەری تەواوی حەرەکەتی 16ی گەلاوێژ ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نێو خۆ بوون".

ئەمە بوو ئەو شتەی کە سەرنجی منی راکێشا و ناچاری کردم تەواوی وتووێژەکەی جەنابی بخوێنمەوە.

هەرچەند وتووێژەکەی ناوبراو کە بەرپرسی تەشکیلاتی نهێنی حیزبی دێموکرات لەو سەردەمەدا بوە، پڕاوپڕە لە شتی دژ بە یەك و ناڕاست، بەڵام ئەوەی کە دەمهەوێ جەختی لە سەر بکەمەوە و کەم تا کورتیش وەڵامی پێ بدەمەوە، هەر ئەو پرسیارەیە کە لە سەرەوە باسکرا و وەڵامی ناوبراوە هەر بەم پرسیارە. کاك تەیمور لە درێژەی وەڵام بەم پرسیارەدا ئاوا دەڵێ:" من دەتوانم تەنانەت ئەو کەسانەش کە ئەو حەرەکەتەیان سازماندەهی کردوە بە نمونە بهێنمەوە کە زیاتر لە هەشتا لە سەدیشیان سەر بە حیزبی دێموکراتن. حەرەکەتی 16ی گەلاوێژ حیزبی دێموکرات سازماندەهی و رێبەریی دەکرد، بەڵام خەڵکێك سواری شەپۆلەکە بوون و کە زانییان حەرەکەتەکە سەر دەکەوێ، بانگەوازیان بۆ دا و ئێستا ئیدعا دەکەن نەقشیان هەبوە، لە کاتێکدا بە دڵنیاییەوە پێت دەڵێم

رۆژێکیش بمێنێ هەر بۆ مێژوو ئەگەر ئینشائەڵڵا گەڕاینەوە، ئەو کەسانەی کە ئەو حەرەکەتەیان سازماندەهی کردوە بە خەڵك دەناسرێن و دەردەکەوێ کە چەند دەرسەدیان سەر بە حیزبی دێموکرات بوون و چەند دەرسەدیان سەر بە لایەنی دیکە".

ئەم وەڵامەی تەیموری مستەفایی بەم پرسیارە زۆر بە روونی دەریدەخات کە جەنابی حافزەی مێژوویی یان باش کار ناکات یان هەر لە کار کەوتوە، ئەگینا یەکەم بۆچی و دوای دوو ساڵ کە رێکخەری ئەم حەرەکەتە و دەسکەوتەکانی ئەم مانگرتنە بۆ هەموان روون و ئاشکرا بوون، ئێستا دێت و ئاوا قەزاوەت دەکات و تازە وەبیری هاتۆتەوە کە مانگرتنێکی سەرکەوتوانە لە 16ی گەلاوێژ لە هەموو کوردستان بەڕێوە چوو کە گۆیا 80 لە سەدی بەڕێوەبەرانیشی حیزبی دێموکراتی بوون و دووهەمیش چۆن بەو حافزەیەوە وەکو بەرپرسی بەشی نهێنی حیزبی دێموکرات کار و کردەوەی دوو ساڵ لەمەوبەری خۆیانی لە بیر چۆتەوە و ئێستا ئاواتەخوازی رۆژێکە کە سازماندەرانی بە خەڵکی بناسێنێ؟! ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات وادیارە بانگەوازەکەی خۆیانی بۆ رۆژی 22ی پوشپەڕ و 25ی گەلاوێژ لە گەڵ بانگەوازی 16ی گەلاوێژ لێ تێکچووبێ یان لەوانەشە بە ئەنقەست خۆی لەو راستییە گێل بکات چونکە بانگەوازەکەی ئەوان کەس بە هانایەوە نەهات و بەمجۆرە بیهەوێ پەردە پۆشیی ناکامی حیزبەکەی بکات. هەر بانگەوازی ئەوان نزیکەی دە رۆژ دوای سەرکەوتنی مانگرتنی 16ی گەلاوێژ لە رۆژی 25ی گەلاوێژ ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە بێ وەڵام مایەوە کە ئێستا لە روویان هەڵنایەت هەر باسی بکەن. ئەم بێ حافزەییەی حیزبی دێموکرات لە گەڵ خاڵێکی دیکەی سەرنجڕاکێش لە ژیانی سیاسی ئەم حیزبە تێکەڵ بووە، ئەویش لە بواری حیساب دایە. بەرپرسانی حیزبی دێموکرات لە نێو عەدەد و رەقەمەکاندا لە سفرەوە هەتا سەد تەنها رەقەمی "80" بۆ حیساب کران دەناسن. وەك ئەوەی لە سەدا هەشتای خەڵکی کوردستان لە 28 ساڵ لەوەپێشەوە هەتا ئێستا لە گەڵ ئەوانن، لە سەدا هەشتای خەڵکی کوردستان پشتیوانی لەو حیزبە تاقانەی ئەوان دەکات، هەشتا لە سەدی بەڕێوەبەرانی مانگرتنی 16ی گەلاوێژ ئەندامانی حیزبی دێموکرات بوون. بەڵام لەوانەیە تەنیا یەك پێوانە بۆ ئەم ژمارەیە باش بێت، ئەویش ئەوەیە کە لە سەدا هەشتای سیاسەتەکانی حیزبی دیموکرات بە قازانجی خەڵکی کورد و بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی ئەم خەڵکە نەبوە. بۆ نمونە لەبەیك گوتن بە خومەینی، تێکدانی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان، چەکدار کردنی ئاغاکان لە بەرامبەر جوتیارە هەژارەکانی کوردستان، دەست وەشاندنی لە هەموو حیزب و رێکخراوەکانی کوردستان، هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ بە بڕیاری پلێنۆمی ئەو حیزبە، چوون بۆ ناو شورای میللی موقاوەمەتی بەنی سەدر و موجاهیدین، دانیشتنی ژێر بە ژێر لە گەڵ بەرپرسانی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی و تێداچوونی رابەرانی سەرەکی ئەو حیزبە، هاندانی بەردەوامی خەڵکی کوردستان بۆ بەشداریی لە بەناو هەڵبژاردنەکانی مەجلیس و شورای ئیسلامی و لایەنگری لە بەناو

ئیسلاحخوازانی حکومەتی و پشتیوانی لە داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئامریکاوە کە بۆتە هۆی کوشتار و تووندوتیژی رۆژانە و سەر هەڵدانی گروپە ترۆریست و بونیادگەرا ئیسلامییەکان و ... . ئایا حیزبێك بەو سیاسەتانەوەی دەکرێ سازماندەر و رێکخەری مانگرتنی 16ی گەلاوێژ بێت؟! ئایا دەکرێ هەشتا لە سەدی خەڵکی کوردستان متمانە بە سیاسەتەکانی بکەن؟!

مانگرتنی 16ی گەلاوێژ لە کوردستان بڕیار و کردەوەیەکی لە ناکاو و بێ رابردوو نەبوو کە حیزبی دێموکرات یان لایەنێکی دیکەی لە چەشنی ئەو بتوانێت رێکی بخات و تەنانەت خۆی پێ هەڵواسێت، بەڵکو درێژەی سیاسەتێکی رۆشن و شەفاف لە 28 ساڵی رابردوو لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا بوو کە کۆمەڵە ئاڵاهەڵگر و رچەشکێنیەتی. فەرمانی سازماندان و مانگرتنی 16ی گەلاوێژ درێژەی سیاسەتی سازماندانی موقاوەمەتی 24 رۆژەی خەڵکی شاری سنە، دروست کردنی یەکێتی جوتیاران لە بەرامبەر ئاغاکان، سازماندانی جەمعییەتەکان لە شارەکانی کوردستان، کۆچی مێژوویی خەڵکی مەریوان و چۆڵکردنی یەك شار، وەرێخستنی رێپێوان لە شارەکانی کوردستان بۆ پشتیوانی لەو مانگرتنە و چوونی بە پیادەی سەدان کەس لە شاری سنە، سەقز، بۆکان، مەهاباد، بانە و شوێنەکانی دیکە بۆ پشتیوانی لە خەڵکی تێکۆشەری شاری مەریوان، راڕا نەبوون نیسبەت بە کۆماری ئیسلامی لە رۆژی هاتنە سەر کاریەوە هەتا ئێستا، لە قاودانی سیاسەتی پاوانخوازانەی ئەمریکا لە ئاستی جیهان و داگیرکاریی عێراق و ... . ئایا حیزبی دێموکرات دەتوانێ هیچکام لەم روداوە مێژووییانەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لە گەڵ سیاسەتەکانی پێناسە و هەڵسەنگێنێت تا ئەمڕۆ بتوانێت بە رۆژی رووناك و دوای دوو ساڵ 16ی گەلاوێژ بە ناوی خۆیەوە تۆمار بکات؟!

ئێمە بیستبومان و بینیبوومان کە حیزبی دێموکرات هەمیشە خۆی بە برابەشی براوە دەزانێ، بەڵام نەك یەکجار ئاواش کە حیساب بۆ هیچ کەس و لایەنێك نەکات! هەر لە جەریانی داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئامریکاوە و دواتریش لە سەروبەندی 16ی گەلاوێژدا هەموو بەڵگە و بەرنامە رادیۆیی و سایتەکانیان لە زمانی ئێستایان راستگۆترن، ئیدی ئەوەیکە بۆچی کاك تەیمور ئاوا بە هەڵەداوان و بە پەرۆش باسی ئەو رۆژانە دەکات، بە راستی جێی تێڕامانە.

حیزبی دێموکرات لە کاتی هێرشی ئامریکا بۆ سەر عێراق و داگیرکردنی ئەم وڵاتە، نە بە چاك و نە بە خراپ مەرتەقی لێوە نەهات بۆ ئەوەی لێی مەعلوم بێ کە لە سەددام و ئامریکا پاڵ وەکامیان دات؟ بەڵام هەرکە بووش کۆتایی شەڕی راگەیاند، ئەوجار هەموو دامودەزگا تەبلیغییەکانیان کەوتنە پێداهەڵگوتنی ئامریکا و"سەرۆك بووش" و ئەویان وەکو فریشتەی نەجات نە تەنیا بۆ عێراق بەڵکو بۆ ئێرانیش لە قەڵەم دا!

رێك لە سەروبەندی مانگرتنی شکۆداری 16ی گەلاوێژی 1384یشدا هەر رێك ئەو کارەیان دووپات کردەوە کە دەکرا نەیکەن. لەو کاتیشدا رادیۆکەیان لە بەر "هۆکاری فەننی" لە کار کەوت! بەڵام

سەیر لەوەدایە ئەگەر لە کاتی داگیر کاری عێراقدا و دوای روخانی سەددام خۆی بە برابەشی ئامریکا زانی و تا ئێستاش شانازیی پێوە دەکات و داوای لەشکرکێشی ئامریکا بۆ ئێران دەکات هەتا سیناریۆی عێراق لەم وڵاتە بە چەند قات خوێناویتر دووپات بێتەوە، لە حەرەکەتی 16ی گەلاوێژدا ئەوە نەك لایەنی دیکە بەڵکو خودی ئەوانن کە دەیانهەوێ سواری شەپۆلەکە بن و ئیدعا بکەن کە ئەوانیش نەقشیان هەبوە. ئەلحەق ئەوانیش نەقشیان هەبوە بەڵام نەك بەو چەشنەی کە کاك تەیمور باسی دەکات، چونکە بە شایەتی مێژوو حیزبی دێموکرات لەو کاتەدا نەتەنیا هیچ هەنگاوێکی بە کردەوەی بۆ بەر سەرکەوتن گەیاندنی ئاوا حەرەکەتێك نەکرد، بەڵکو هەوادارانی زۆر گەرم و گوڕی ئەوانیش لە شارەکانی کوردستان و بە تایبەتی لە مەهاباد لە هەوڵی لە بار بردنی حەرەکەتەکەدا بوون. ئەگەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات حافزەی لە کار نەکەوتوە دەبوایە لانیکەم وەکو بەرپرسی بەشی نهێنی هەتا دنیا دنیایە ئەو کردەوەیەی لە بیر نەچێتەوە! پێویستە تەیموری مستەفایی ئەوەشی وەبیر بێتەوە کە ئەگەر رادیۆکەیان لە بەر هۆکاری فەننی" هەر رێك لەم چەند رۆژەدا" لە کار کەوتبوو ( کە وادیارە تەبلیغات و راگەیاندنی رادیۆکانی حیزبی دێموکرات لە کاتی گرینگ و هەستیاردا لە کار دەکەون)، خۆ ئەرکێکی قورس نەبوو لە سەر شانیان و دەیانتوانی سەری قەڵەمەکانیان لابردبایە و چەند دێڕێکیان لە پشتیوانی لەم حەرەکەتە هەر بۆ دڵخۆشی لایەنگران و پێشمەرگەکانی خۆشیان بوایە یان وەکو بەڵگەیەکی مێژوویی مەحکەم کە بیانتوانیبایە لە داهاتوودا پشتی پێ ببەستن، رەش کردبایەتەوە و بڵاویان کردبایەوە تا ئەمرۆ ئەندامی سەرکردایەتییان تووشی وەها چەواشەکاری و زەحمەت بۆ خۆهێنان نەبوایەت. بێگومان ئەگەر ئەو کارەیان بکردایە، ئێستا ئیتر دوای دووساڵ پێویست نەبوو جەنابی پەنا بۆ ئاوەژوو نیشاندانی راستییەکان و مێژوو و بە کەم دانانی زەینی خەڵکی و ئینشائەڵڵا و ماشائەڵڵا بەرێ!

حیزبی دێموکرات تەنانەت زەحمەتی ئەوەشی بە خۆی نەدا کە بە رواڵەتیش بووبێ پشتیوانی لەو حەرەکەتە بکات، چونکە لایان وابوو سەرناکەوێ و شکست دەخوات و ئەو بانگەوازەیان بە تاقیکردنەوەیەکی گەورە بۆ کۆمەڵە دەزانی و حازر نەبوون بە لێکدانەوەی خۆیان بەشێك لە باری ئەم سەرنەکەوتنە بخەنە سەر شانی خۆیان؟! بەڵام دواتر کە بە پێچەوانەی لێکدانەوەکانی ئەوان سەرکەوتن بە دەست هات، وەکو خاڵێکی وەرچەرخانی مێژوویی باسی دەکەن و بەوەشەوە نەوەستاون و خۆیانی لێدەکەنە ساحێب و بێ خەبەر لەوەیکە ئەوان لەم کاروانە بە جێ ماون و نەك هەر نەیانتوانی پشتیوانیی خۆیان بۆ وەها حەرەکەتێکی گەورە نیشان بدەن، بەڵکو نیشانیان دا کە پاشکۆیەکی جێی متمانەش نین بۆ جەماوەری خەڵك کە پشتیان بە هێزی وشیار و رێکخراوی خۆیان بەستوە. بێگومان چاوەڕوانی کردنی زیاتر لەوەش لەو دۆستە درۆییندانەی خەڵکی کوردستان کە بێ هیوا بە جەماوەر و چاو لە دەستی ئامریکان و دەیانهەوێ خەڵکی هەرچی زیاتر لە چاوەڕوانیدا راگرن، لەوانەیە کارێکی نابەجێ بێ و خەڵکی کوردستانیش لەم دەورەیە لە خەباتی خۆیاندا

نیشانیان دا كه ناكەونە ژێر كاریگەریی پڕوپاگەندەی مایە پووچ و ئیستراتژی چاوەڕوانی ئەو جۆرە حیزبانە.

لەم پەیوەندییەدا كارنامەی سازمانی زەحمەتكێشانیش لە حیزبی دێموكرات خاوێنتر نییە. ئەوان رەسمەن و لە راگەیاندنی ژمارە 14ی دەبیرخانەی ئەم سازمانە لە رێكەوتی 14ی گەلاوێژی 84دا بە پەلەپڕوزە داوایان لە خەڵك كرد كە لەم مانگرتنەدا بەشداریی نەكەن و دواتریش زۆر شەرمێونانە هەر ئاسەواری راگەیاندنەكەشیان لە سەر سایتەكانیان نەهێشت. ئەوەیكە ئێستا ئەوانیش هەر وەكو تەیموری مستەفایی و حیزبەكەی، خۆیان بە خاوەنی ئەم حەرەكەتە دەزانن، ئەوە دۆڕانێكی مێژووییە بۆیان كە هەتا هەتایە لە زەینی خەڵكدا دەمێنێ. چونكە هەرچی ئەوان هەوڵیان دەدا بۆ بە شكست گەیاندنی ئەم حەرەكەتە مێژووییە، جەماوەری خەڵك بە گشتی بە پیری تاكتیكی دروست و كارسازی كۆمەڵە لەو بارودۆخەدا هاتن. بارودۆخێك كە خەڵك چەند هەفتە گیانبازی و خەباتی بۆ كردبوو و رژیم بە بەكارهێنانی شێوازی جۆراوجۆر دەیهەویست بەر بە جەماوەری بوونەوەی ناڕەزایەتییەكان بگرێ و جەماوەری ناڕازی بە تووندی سەركوت بكات. لە ئاوا بارودۆخێكدا خەڵكی راپەڕیو پێویستییان بە سیاسەت و كردەوەیەك هەبوو كە دەسكەوتەكانیانی تێدا بپارێزن و سەركەوتنی تێدا رابگەیەنن. خەڵكی كوردستان لەو كاتەدا رێبەرییەكی پێویست بوو كە دەست بداتە كردەوەیەكی بوێرانە بۆ ئەوەی رێگەی بەرەو پێشچوونی ئەم روتە بە قازانجی خەڵكی و بە كەمترین زیان بگۆڕێ. بۆیە پەنا بردنە بەر شێوازی مانگرتنی گشتی زەربەیەكی گورچكبڕ بوو لە پیلانگێڕیی بە ئاشكرای رژیم كە دەیهەویست حەرەكەتەكە بەرەو تووندوتیژی پاڵ پێوەنێت و لە شەڕێكی نابەرابەردا خەلتانی خوێنی بكات. بەڵام خەڵكی هوشیار و چاوكراوەی كوردستان نیشانیان دا كە دەتوانن تاكتیكی گونجاو لە كات و شوێنی گونجاودا بناسن و بە كردەوەشی دەربێنن. ئەوە بوو دەسكەوتێكی گەورەی ئەم حەرەكەتە. كۆمەڵە ( رێكخراوی كوردستانی حیزبی كۆمۆنیستی ئێران) ئەو كات بە لێكدانەوەی دروست و بە جێی بارودۆخەكە و دیاریكردنی تاكتیكێكی گونجاو كە هەم بە كەمترین زەرەرەوە دەسكەوتی خەڵكی تێدا بەدی بكرێ و هەمیش پشتیوانی كۆمەڵایەتی لێبكرێت، لە رۆژی سێشەممە 11ی گەلاوێژی 1384دا بانگەوازی بۆ مانگرتنی گشتی لە كوردستان راگەیاند و چوار رۆژ بەر لە مانگرتنی گشتی بە هەزاران نوسخە لە نوسراوەكانی كۆمەڵە لە نێو شارەكاندا بڵاو بوونەوە. تەنانەت لە كاتی بڵاوكردنەوەی راگەیاندنەكانی كۆمەڵە لە شاری سنە لاوێكی شۆڕشگێڕی ئەم شارە بە ناوی" زانیاری ئاشتیانی" لەم پێناوەدا گیانی بەخت كرد.

ئەوەی كە لێرەدا زۆر جێگای سەرنج بوو ئەوە بوو كە هەر چەند كۆمەڵە تەواوی هێز و توانای خۆی بۆ بە سەرەنجام گەیاندنی وەها مانگرتنێك خستە گەڕ و سەرەڕای كۆسپ نانەوەی حیزبی دێموكرات و سازمان زەحمەتكێشانیش لە بەردەمی ئەم حەرەكەتەدا، بەڵام چونكە كۆمەڵە لە هەلومەرجێكدا

وەڵامی پێویسییەکی کۆمەڵایەتی بە خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی دابۆوە، تەنانەت لایەنگرانی دوو حیزبی ناوبراویش سەرەڕای ئەوەی کە داوایان لێکرابوو کە بەشداریی نەکەن، کەچی گوێیان نەدایە و بەشداری مانگرتنەکە بوون و هەر ئەو راستییە بوو کە ئاوا خەڵکی کوردستانی لە ئاستێکی کۆمەڵایەتیدا هاندا.

ئێستا و دوای دووساڵ لەو حەرەکەتە مەزنە کەسانێك کە ئەو کات هەوڵیان بۆ شکستی ئەو حەرەکەتە دەدا، وادیارە لە خەو راچڵەکیون و پێیانوایە لە کاروانی خەیاڵ بە جێ ماون، لە کاتێکدا ئەوە راستییەکی حاشاهەڵنەگری مێژووییە کە حیزبی دێموکرات و زۆر کەسی تریش لێی بە جێ ماون و بە تەپ و تۆز بەرپاکردنیش نایگەنێ و ئەو قسانەش کە دەیکەن تەنیا پشوویەکە کە سواریان بوە و هیچی تر!

تەیموری مستەفایی لە قسەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات کە 80 لە سەدی رێکخەرانی ئەم حەرەکەتە کەسانی ئەوان بوون. جارێ ئەوەیکە کاك تەیمور وەکو بەرپرسی تەشکیلاتی نهێنی ئەوکاتی حیزبی دێموکرات چۆن ئەو ئامارانەی کۆ کردۆتەوە و ئەو رەئی گیرییەی چۆن کردوە، ئەوە خۆی لە خۆیدا دووکەڵ لە مێشکی خەڵك هەڵدەستێنێ، پاشان گریمان کە قسەکەی کاك تەیمور راستە و وابوە، ئەی ئەگەر وایە ئێوە کە پێتان وایە 80 لە سەدی خەڵکی کوردستانتان لە گەڵە و جەنابیشت هەر باس لە 80 لە سەد لە بەرێوەبەرانی مانگرتنی گشتی 16ی گەلاوێژ دەکەی و بە کەسانی خۆتان ناویان دەبەی، ئەی لە بانگەواز بۆ 22ی پوشپەڕ و 25ی گەلاوێژ ئەو هەموو "80"یە لە کوێن و بۆ دەرناکەون؟! یان هەر بەراستی ئەگەر باوەڕت بە هێزی جەماوەر هەیە و پێتوایە 80 لە سەدی خەڵکیشت لە پشتە، بۆچی و بە حەرەکەتێکی کەم بایەخی 3 دەقیقە بەرق کوژاندنەوە لە سەعات دە هەتا دە و سێ دەقیقەی شەو دڵخۆش دەکەی؟ بۆ بوێری لەوە زیاتر بە خەرج نادەی؟!

ئەی رۆژوە سیاسییەکەی دوو رێبەندانتان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟ رۆژووی سیاسی میللی ـ مەزهەبییەکان و بانگەوازەکانی ئێوە ( حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و سازمانی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران)، بۆ بەشداریی لەو رۆژوە سیاسییەدا لە رۆژانی 28و29و30ی بەفرانبار وەکو سەرەتایەك بۆ مانگرتنی گشتی لە کوردستان لە رۆژی 2ی رێبەنداندا، پێوەندیێك نەبوون بۆ هەموو ئیدعاکانی ئێوە؟! خۆ حەتمەن ئەوەش باش دەبێ بزانی کە سەرنەکەوتنی بانگەوازی رۆژووی سیاسی و بەتاڵ بوونی رۆژوەکەتان نەك لە بەر دژایەتیکردنی رژیمی ئیسلامی، بەڵکو بە هۆی گوێ پێنەدانی خەڵکی وشیار و سیاسیی کوردستان بە وەها سیاسەتگەلێکی ئیسلاحخوازانە و مەزهەبی بە نەزۆکی مایەوە. ئایا بانگەواز کردن بۆ رۆژووی سیاسی ئیسلاحخوازان نیشانەیەك لە بێ هیوایی بە جەماوەر و داهاتووی سیاسی خۆتان نییە؟! ئەگەر تۆزێك چاوکراوەتر چاو لە بەشداریی خۆتان لە رۆژووی سیاسی و کۆسپ خستنە سەر رێی مانگرتنی 16ی گەلاوێژ و بێ هەڵوێستی لە ئاست شەڕی ئامریکا و عێراقدا بکەن، ئایا هێشتاش

هەست بە بێ رەبت بوونی سیاسەتەکانتان بە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانەوە ناکەن؟!

لە کۆتایی دا ماوەتەوە بڵێم خەڵکی کوردستان دەبێ پشت ئەستوور بە هێزی لە بڕان نەهاتووی جەماوەریی خۆیان بن و بێگومان 16ی گەلاوێژ ئەو دەرسە بە نرخە بوو، با دۆستانی درۆیینەی خەڵکی کوردستانیش رۆژێك چرا سەوز بۆ خاتەمی لێدەن و نامە بۆ بووش بنێرن و دڵیان بە هاتنی تانکەکانی ئامریکا خۆش بکەن و رۆژێکیش بە خوتبەی دێموکراسی داگیرکەران شاگەشکە بن. بێگومان رەوتی بەرەوپێش چوونی مێژوو لە سەر کەس راناوەستێت و خۆهەڵواسین بە سەرکەوتنی خەڵکی دیکە، ناکامیی سیاسەتی هەڵەی کەس ناشارێتەوە.